# هێلاری کلینتۆن و پارێزکاره تازەکان

ن/ ئێدوارد کرین *

و/ محەمەدی مشیر

؛؛ ئایا دەزانی کاتێك پرسیار لە خەڵك دەکەم لە بارەی ئامانجەکانی ئەمرۆی ئەمریکا هیچ بیرۆکەیەکیان لە لا نابینمەوە سەبارەت بەو بابەتە؟نازانم دەمانەوێ چی بهێنینەدی؟ من لەو باوەڕەدام چ لە ژیانی کەسێتیدا چ لە کاروباری نیشتمانیدا پێویستە هەندێ ئامانجمان هەبێت؛؛.



ئەمەی سەرەوە بەشێکی ئەو لێدوانەی سیناتۆر هێلاری کلینتۆن – ە، لەگەڵ کەناڵی MSNBC لە 11ی ئایاری 2007 دا. رای هێلاری لە گەڵ رای دامەزرێنەرانی ئەمریکا ناکۆکە ، چونکە بیرۆکەی ئەوەی کە ئوممەتی ئەمریکا هەروەکو تاکەکان((ئامانج))ی هەبێت بیرۆکەیەکی سەرتاپا سەیرە بەلای ئەواندا. لەلای ئەوان حکومەت پابەندە بەوەی مافە سەرەتاییەکانیان لە ژیان و ئازادی و هەوڵدان بۆ بەختەوەری بپارێزێت.

ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر وەپێشدانی تاك گەوهەری دروستی بە جیاهەڵکەوتوویی ئەمریکایە. ئامانجە نەتەوەییەکان رێگا خۆشکردنێکن بۆ گوزارەکردن لە دەسەڵاتی نیشتمانی سیاسییانەی چڕکراوە. جیهانی دێرین تژی بوو لە ئامانجی نەتەوایەتی، زۆربەی ئامانجەکانیش ناپاك بوون و چەمکی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیش لەدەرەوەی ئەمریکادا جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی بەم دواییە لە ناوەوەی ئەمریکا پێشنیارکرا، بەڵام خاتوو کلینتۆن سوورە لە سەر برەودان بەم چەمکە و لە وتاری هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنیدا لە (نیوهامبشیر) رایگەیاند کە(( ئەمە کۆمەڵگەیەکە هەمووومان تێیدا بەشدارین)) پتر لە(( کۆمەڵگەیەکی مولکداریەتی)) و، چەندین جاریش ئاماژەی بەو بیرۆکەیە کردووە کە ئەمریکاییەکان دەیانەوێ (( ببنە بەشێك لە شتێکی گەورەتر لە خۆیان)). هێلاری هاوپەیمانێکی دیکەی نائاسایی هەیە کە بەشدارە لەو شکستەی هەستی پێدەکات لەبارەی نەبوونی ئامانجی نەتەوایەتی ئەویش بزوتنەوەی پارێزکارە تازەکانە، یان با ناوی لێبنێین بزوتنەوەی(( مەزنایەتی نەتەوەیی)) کە ئەمڕۆکە بەهێزترین گرووپی سیاسییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.تیۆرزانانی ئەو گرووپە (وەکو بیل کریستۆل و رۆبەرت کیگن) داوایان کرد ئارەزووی جۆرج بۆش بهێننەدی بەوەی کە (( لەهەرشوێنێکی جیهاندا پێویست بکات بجەنگێن)) وەك دانپێدانانێك بە(( بەشێکی بنەڕەتی لە مەزنایەتی نەتەوەیی)).

دێڤید بروس کە گۆشە نووسە لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز یەکێکە لە گەورەترین و پڕچەنەترین لایەنگرانی پارێزکارە تازەکان. ئەو لە وتارێکیدا لە(( ویکلی ستاندارد)) دەستی خۆی دەگوشێ و دەڵێ (( ئەمریکاییەکان لە هەموو لایەنەکانەوە دەسبەرداری هەوڵەکانیان بوون بۆ مەزنایەتی نەتەوەیی ))، سەیرکەن چۆن ئەو ئامانجە وەسف دەکات کاتێك دەڵێ: (( حەزی تاکەکەس و هێزی ئیرادە پرسی مەزنایەتی نەتەوەیی سەقامگیردەکەن و، لە رێگەی مەزن کردنی ئوممەتیشەوە تاکەکان دەتوانن شتە بچووکوکانی خۆیان ئاوێتەی پڕۆژەی نەتەوەیی گەورەتربکەن))، دواتر درێژەی دەداتێ و دەڵێ:

(( رەنگە لە کۆتاییدا ئامانجی ئەمریکی دەنگی خۆی تەنها لە واشەنتۆن دا بدۆزێتەوە)). پێدەچێ خاتوو کلینتۆن لە کەسایەتی (بروس) دا هاوڕێی گیانی خۆی دۆزیبێتەوە،کێ ناڵێ هاوڕێی پاڵیوراو نابێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.پەیوەندییەکی فراوان لە نێوان خاتوو. کلینتۆن و پارێزکارە تازەکاندا هەیە و لە تایبەتمەندیەکی دیکەشدا لە گەڵیاندا هاوبەشە کە بریتییە لە تێکەڵاوکردنی بەکارهێنانی حکومەتی فیدراڵ _ وەك ئەوەی هیچ کۆتێکی دەستووری لەسەر دەسەڵاتی فیدراڵدا نەبێت،ئەوەی لەبارەی پارێزکارە تازەکاندا زانراوە ئەوەیە کە ئەمریکاییەکان بەرەو جەنگی عێراق هاندەدەن بەڵام زۆرجاران چاوپۆشی لە مەودای سیاسەتە ناوخۆییەکانیان دەکەن کە تاچەند دەستپێشخەری فیدراڵیانەی چالاك لە خۆوە دەگرێت. کۆنترۆڵکردنی فێربوون لە ژێر دروشمی(( هیچ منداڵێك فەرامۆش ناکرێت)) لە لایەن حکومەتی فیدراڵ و، هەروەها ئەو دەستپێشخەرییەی متمانە دەکاتە سەر ئەو (باوەڕ)ەی پاڵپشتی رێکخراوە ئایینییەکانی ناوخۆیە، دوو پڕۆژەی پارێزکارە تازەکانن.

بروس لەم دواییەدا بانگەشەی کرد لێژنەی (خێزانە بووژاوەکان) پێکبهێنرێت، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت:((ئابووریناسان و چالاکڤانە ئایینییەکان و

زانایانی دەروونی لە ژوورێکدا ڕێککەوتن تا باسی چۆنیەتی هەڵسانی حکومەت بە سوککردنەوەی گوشاری سەر خێزانە تێکۆشەرەکان بکەن)) ... لە کتابەکەیدا(( پێویستیمان بە گوندێك هەیە)) (مەبەست لەگوند لێرەدا حکومەتی فیدڕاڵە) خاتوو کلینتۆن پێشنیاردەکات حکومەت پارەتەرخان بکات بۆ ئەو کاسێتە ڤیدیۆییانەی باس لە بایەخدان بەمنداڵ دەکەن و لەمبارەیەوە دەڵێ: ((دەکرێ ئەو کاسێتانە بەردەوام لە نووسینگەی پزیشکان و کلینیکەکان و نەخۆشخانەکان و نووسینگەی ئۆتۆمۆبیلەکان یان هەر شوێنێکی دیکە کە خەڵك تێیاندا کۆدەبێتەوە و چاوەڕوانە وەکاربخرێن)).

حکومەتی بەرفراوان پرۆژەیەکی هەمیشەییە بۆ ئەوانەی کەسان دەخەنە ژێرباری ئامانجە نەتەوەییە دەستەجەمعییەکان.دامەزرێنەرانی ئەمریکا بەباشی درکیان بەم مەترسییە دەکرد بۆیە دەستوورێکی فرە دەسەلاٌتیان داڕشت، کەواتە ئەم دەسەلاٌتە سنووردارە و هەروەك تۆماس جیفرسۆن دەڵێ:

(( دەستوور لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە کە هەموو ئەو دەسەلاٌتانەی نایداتە "ویلایەتە یەکگرتووەکان" لە دەرەنجامدا لە ویلایەتەکانی قەدەغە ناکات،چونکە ئەو دەسەلاٌتانە بۆ ویلایەتەکان یاخود گەل پارێزراون و هەر هەنگاوێکیش لەدەرەوەی ئەو سنوورە دیاریکراوانەدا لە بارەی دەسەلاٌتەکانی کۆنگرێس دەستگرتنە بەسەر بوارێکی دیاری نەکراوی دەسەلاٌت و بەهیچ شێوەیەك پێناسە ناکرێت)).پێدەچێ خاتوو کلینتۆن بەمەترسییەوە ڕێگای شومی پارێزکارە تازەکانی گرتبێتە بەر و ئامانجیشی ئەوەبێ دەست بگرێت بەسەر ئەو بوارە دیاری نەکراوە.

---

*سەرۆکی ئەنستیتیوی کیتو لە واشەنتۆن